120
ژمـــاره

مانگانەیەکی کاریکاتێرییە
ساڵی حەوتەم ژمارە(١٢٠) ٢٠١١ /١/٢٥
بەکاتی هەڵفڕینی زین العابدین

دنیا دەوران دەورانــە.. لـە تونس بـەرد بـارانـە.. زەینەلعابدین فلْق.. دیکتاتۆر هەڵفڕانە!
بۆ سەربەخۆیی باشوور.. لە سودان وا دەنگدانە.. دەی نوخشەبێ لە ئێمەش.. جیابینەوە لەمانە!
سەرماو سۆڵەو زستانە.. خوێندکار لەرز و تایانە.. بە دوانزە پۆل دوو سۆپا.. توخوا ئەمە ویژدانە؟!

سوبعەت تاسەر ئێسقان Email:www.gepgovar@yahoo.com www.gep-media.com

کاریکاتێر:
زێرەڤان ساڵح




کاریکاتێری:
سەردار کێستەیی..ل٣١



غەڵبەغەڵب



# فڕی.. فڕی..
# زین العابدین فڕی..

محەمەد قادر

کەش و هەوای سستمی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکە بەتایبەت نیشتیمانی عەرەبی کوتومت وەکو ئەو یارییە کوردەوارییەی خۆمانی لێهاتووە، کە جاران لەبری ئەنتەرنێت و پلەی ستەیشن و پی ئێس پی و ئێکس بۆکس و پلەی توو و ئەتاری و ئەو شتانە ئەم یارییەمان دەکرد، یەکێک پەنجەی دۆشاومژەی دەچەقاندە زەوی و منداڵانیش بە چواردەوریا هەمان شتیان دەکرد:

کەسی یەکەم دەیگوت: فڕی فڕی.. کۆتر فڕی.. ئیتر دەبوا هەموو پێکەوە لەگەڵ ئەودا پەنجە بەرز بکەنەوە، ئەوەی دوا بکەوتایە و پەنجەی لەسەر زەوی بمایە، دەدۆڕاو لە یارییەکە دەکرایە دەرەوە! بەڵام لەپڕ کەسی یەکەم دەیگوت: فڕی فڕی.. کەر فڕی! ئەمجارە بە پێچەوانەوە هەندێکمان تێدەکەوتین و پەنجەمان بەرز دەکردەوە و دەردەکراین.

ئەم هەڵفڕانەی سەرۆکی تونسیش فڕی فڕی خستە نێو جەماوەری نیشتمانی عەرەبی! تا ڕادەیەک هەرچی دەسەڵاتدارانی ئەو ناوچەیە مورچ و مۆن و گرژ گرژ بەمۆڕەوە لەو مەسەلەیە دەڕوانن! تەنانەت پێیان بکرێ ڕێگەی فڕین لە کۆتر و چۆلەکەو داڵ و قەلیش دەگرن، نەبادا فڕینێکی لەو شێوەیەی تونسی بەدوا دابێت!

ئێستا وای لێهاتووە هەموو جەماوەری جادەی عەرەبی خواخوایانە هەر بە سوعبەتیشەوە بێت کۆتربازێ لێی تێک بچێ و بە کۆترەکانی بڵێ: فڕی..فڕی.. ئیدی وەکو کۆرسی گۆرانی هەموو بەدوایدا بە چەپڵە ڕێزان و فیک و هوڕ و هوها کێشانەوە دەڵێن: ڕەیس فڕی.. ئیتر مەپرسە چۆن دەیفڕێنن!

شوکور بۆ خوا لە عێراقدا هەر زوو ئەمریکا سەدامی بۆ هەڵفڕاندین و دواییش وەکو مشکە کوێرەی کوڵکن لە کون و کەلەبەری ژێر زەوییەوە بە چەپکێ ڕیش و جاجمێ قژەوە بەرەو گوریسی سێدارە هەڵیانفڕاند و ئەم فلیمەمان زوو تێپەڕاند!

بەڵام هەر بۆ سەیرو سەمەرەیی تێێکهەڵفڕانی وەزعی سیاسیی ئەو ناوچانەی باسمانکرد ، وا لە ئوردن و میسر و لیبیاو سوریا و یەمەن و سعودیە و وڵاتی کەنداو هەرچی ڕەیس و مەیس هەیە بایانداوەتەوە و گێڕیان بەرەو جەماوەر گۆڕیوەو لە قۆناغی دیکتاتۆرییەوە ماستاو بەرەو قۆناغی دیموکراسی و گوزەرانی شەعب ساردئەکەنەوە!

نەک هەر ئەوە بگرە هەر یەکەیان وەکو مۆتەکە شەو خەو بە فڕین و هەڵفڕاندنەوە دەبینن و لە کورسی و تەپڵەکەکانیان کەوتووتەنە شک، ڕەنگە لەم وەزع و بارەدا هەندێکیان ئەم ماوەیە دانیشتنی سەر زەوییان پێ مەسڵەحت تر بێت لە هی سەر کورسی! هەندێکیشیان ناهێڵن منالەکانیان بچن بۆ کورسی کورسی ، نەوەک کابری هەڵسوڕێنەری یارییەکە ئەوەندە توند بایدا، منالەکانیان وەکو بەردی قۆچەقانی هەڵفڕێنێ بە حەوادا! ئەوە لە هەندێکی تریشیان هەر مەپرسە لەحەیبەتا بەهەموو شێوەیەک خواردنی کورسی نەعنا و خوێندنەوەی ئایەتەلکورسیشیان لەبیرچۆتەوە! تەنانەت لەنێو پاسدا ئەگەر جابییەکە مەرحەمەت بنوێنێ و فەرمووی دانیشتنیان لێ بکات، ئەگەر 12 کورسی بەتاڵیشی تێدابێ، دەڵێن: قەیناکە سوپاس.. بەپێوە دائەنیشین!

بەم حیسابە، ئیتر لەمەولا لە یاریەکەی جارانی منداڵیدا، ئێستا ڕێساکە گۆڕاوەو بە هەڵەدا ناچین ئەگەر بڵێین کەر فڕی، چونکە ئەی ئەوەنیە بەبەر چاوی دنیاوە زین العابدین فڕی؟!

سەرکاتێر

پەروەر





ڕەوف حەسەن
rauf1945@yahoo.co.uk
Tel: 0770 153 63 97

# من و کەرەکەی نەجمەدین مەلا

-هەلەو.. - بەڵێ.. فەرموون! - مامۆستا گیان! وەلەو جەنابت من ناناسیێ، بەڵام ئێمە تۆ هەر بە مامۆستای خۆمان دەزانین. هەفتەی داهاتوو کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەو ڕێزلێنانیشم بۆ دەگرن، برواکە، کەسمان لە جەنابت باشتر دەستنەکەوت بۆئەوەی: تۆژینەوەیێک لەسەر شیعرەکانیشم بکەی، بێگومانم دەتوانی جوانترین تۆژینەوە لەسەر شیعرەکانم پێشکەشبکەی.

- ئاخر شیعرەکانتم نەدیوەو بەم پەلەپەلەش...!

- خەمت نەبێ، هەر ئێستە هەر پانگزە دیوانە شیعرییەکەم دێنمە خزمەتت، دەشزانم هیچ ئیشوکارو وەزیفەییەکت نییە، دەتوانی ئەم چوارپێنج ڕۆژە خۆتی پێوە خەریک بکەی، زۆر سوپاستدەکەین.

* پاش دوو ڕۆژی دی.. نامەیێک بە ئیمزای بنەماڵە: پێخۆشحاڵین بە ئامادەبوونت لە چلەی ماتەمینی باوکماندا، کە هاوڕێی زیندان و تێکۆشانت بوو! لە بەرنامەکەشماندا برگەییکیشمان بۆ جەنابت داناوە، بۆ باسکردنی ژیان و خەبات و بیرەوەرییەکانی باوکمان، بەشداریت مایەی شانازیمانە. لەگەڵ سوپاسماندا!

پێم جوان نەبوو وێرای ئەو هەموو لوتف و ڕێزو حورمەتە.. بڵێم: مەرحوومی باوکتان ناناسم! لەخۆمەوە وتم:

- نەوەک خوانەخواستە فریانەکەوم.. وا باشترە بە شاعیرێ بڵێن، چونکە بەزۆری شیعری حازربەدەستیان بۆ هەموو بۆنەیەک لە باخەڵدایە!

- ئەوەشمان کردووە.. بەس ئەمەیان شتێکی دییە مامۆستا گیان!

* پاش مانگێ.. ژنێ بە یێک فەردە فایل و کاغەزە شرەوە:

- مامۆستا گیان وەلەو عەزیێتیشە.. بەڵام خوالێخۆشبووی مێردم وەسییەتی کردووە جگە لە بەڕێزت ئەم ئەمانەتە نەدەینە دەست کەس. ئەمە هەموو نامەو بیرەوەری و شیعرو تەنانەت وێنەکانی خۆیشیەتی، بەڵکو ئەگەر هەڵەی زمان و ڕێنووسی تیابوو چاکیان بکەیت و بەدەستوخەتە خۆشەکەی خۆت بیانووسیتەوە و، پێشەکی و هەڵسەنگاندنێکی خۆتئاسایانەشی بۆ بنووسیت و، کتێبێکی گەورەی لێ دروستبکەین و. زۆر سوپاستدەکەین. دواییش وەک ئەرکێکی سەرشانمان پێمان خۆشە لە بەرگەکەیدا بنووسین: (لەسەر ئەرکی بنەماڵە کۆکراوەتەوە و بژارکراوە و ساغکراوەتەوە و ڕێکخراوە و ئامادە و چاپیشکراوە)!

* ئیدی هەر ڕۆژو هەفتەو مانگێ.. لە وەخت و ناوەختداو بەردەوام هەر هەلەو! و کارت و نامە و نازانم چیم پێدەگات، هەر سوپاس و چلە و یادو ڕێزلێنان و، هەر داوای پێشەکی و پانۆرامای ژیان و تۆژینەوەو ساغکردنەوەو.. تد، نووسینە!

* بەم ئاخری پیرییەوەم. شەوێکیان دوای تەکلیفێکی لەوانەی باسمکردن، سەرم داخست و لەتەک خۆمدا کەمێ رامام... سەرگوزەشتەی (کەرەکەی) مامۆستا نەجەدین مەلام وەبیر هاتەوە! کە چەند جارێ بەجەخارەوە بۆی گێڕابووینەوە: دەڵێن جارێکیان کەرێک کارتێکی داوەتنامەی بەنەخش و نیگاری زەرکەفتەوە پێگەیشت. هەرکە خوێندییێوە و زانی بۆ زەماوەندێکی گەورە داوەتکراوە، لە خۆشیدا هەڵیتیزان و کەوتە زەرین و لووشکەی کەیفکەرانە وەشاندن. چونکە هەرگیز لەژیانیدا وا بە ڕێز و سوپاسەوە کەس گووی بەکڵاوی نەپێواوە! پاش کەمێ هێدی بۆوە و دیققەتی کارتەکەی دا و تاوێ راما و بیریکردەوە، دەبێ بۆچی ئەم داوەتنامەیەیان بۆ ناردبێ! دیارە بە هەڵە نییە و ناونیشانی تەواوی خۆمی پێوەیە! دەی مەبەستییان چییە و چۆن منیان بیرکەوتۆتەوە؟ دەبێ دەوری من لە زەماوەندەکەیاندا چی بێ؟! خۆ دەنگم خۆش نییە گۆرانییان بۆبڵێم. ئاقڵیش نیم پرس و راو تەگبیر و ڕاوێژم پێبکەن، خۆ لە لۆقەو هەڵتیزان زێتر هیچ هەڵپەرکێ و سەما و سەرچۆپی کێشانێ نازانم. جوانیش نیم لای سەرەوە دامنێن و سەیرم بکەن! خۆ لە کاوجۆ زێتر ناتوانم دۆڵمە و هەمبێرگەریشیان لەتەکدا بخۆم! خۆ. خۆ. خۆ.. ئا.. باشبوو بیرمکەوتەوە.. ئا... زانیم... دۆزیمەوە.. منیان بۆ ئاوکێشان گەرەکە!

GEP
Karikatur Magazeen
No:120 25th january 2011
www.gep-media.com
Executive Editor : Muhammad Qadir
sardamm2003@yahoo.com

باقی وەسەلام

# چاندن و ناشتن ...



ڕێبوار ئدریس
rebwaridris@yahoo.com

ئیتر دنیاکە وایە، هەیە ئەچێنرێ و هەشە ئەنێژرێ، بەڵام کەس سەری دەرناچێت لەوەی چی هی چاندنەو چیش هی ناشتنە.. مردو و نەمام.. هەردوکیان ئەنێژرێن، تۆوی کەوەرو بۆمب ئەچێنرێن، ئیتر لەم عەسرە مەنحوسەیا شتی تریش زۆرە وەک :

• لە عیراق وەزارەت ئەچێنرێ و حکومەتیش ئەنێژرێ..

• کورسی رەگی هەیە ئەنێژرێ، نەسرییە ورد ئەکرێتەوە ئەچێنرێت ..

• ناڕەزایی، موزاهەرە دەکات پێی هەیە ئەنێژرێ، شیعارات با ئەیبات دنکە دنکە، ئەچێنرێ ..

• حزب ریشەی هەیە وەک درەخت ئەنێژرێ، مونەزەمەش لێی ئەچێت و ئەچێنرێ ...

• عەرز نەرمە بۆ مردن تەرمی لێ ئەنێژرێ، سەیارە رەقە بۆ مانەوە بۆمبی لێ ئەچێنرێ ...

• تەعلیم وردە حەرف و رەقەمە، لە مەنهەجا ئەچێنرێ، تەربیە چاپخانەی کتێبی کۆنە، سویدیانە ئەنێژرێ .

• نەمامی گەشتوگوزاری ئێمە بۆ برایەتی ئەنێژرێ، کەچی جەو گۆرینەکەیان تی ئێن تی تیا ئەچێنرێ ...

• خاکی ئێمە تەڕوپاراوە سوڵحی تیا ئەچێنرێ، کەچی دوای رێکەوتنەکانیان مافمانی تیا ئەنێژرێ ...

• دەسەڵات دەستی هەیە چی هەوەس بکات ئەینێژێ، موعارەزە عەرزی هەیە وەعدی تیا ئەچێنێ ...

• وەزارەتی زەراعە ئەنواع درەخت ئەنێژێ، کەچی لە بستێک خاکا تۆوی خۆمان ناچێنێ ..

• رۆژ نییە لەسەر جادەیەک جامیعەیەک نەچێنرێ،ماڵیش نییە ساڵی شەهادەیەکی تیا نەنێژرێ ..

• دەیچێنم نایچێنم .. دەینێژم نایینێژم . هەردوکیان رادەژێنم .. بەڵکو یەکێکیان بیگرێ و ئەوەی ماوە بیهێنم.!



کاریکاتێر
سالم سەلیم
چارەسەری گەندەڵی